# ئەیید حەکیم پێشوازی لە بافل تالەبانی دەکات و پابەند بوون بە کات و ساتە دەستوورییەکان و یەکێزی نیشتمانی دووپات دەکاتەوە



بەرێز سەماحەتی سەید حەکیم سەرکی هاوپەیمانەتی هێزەکانی دەوڵەتی نیشتمانی لە نووسینگەی خێی لە بەغدا پێشوازی لە بەڕێز بافل تالەبانی سەرکی یەکێتی نیشتمانی کوردستان کرد.

لەم دیدارە باس لە سەرکی کۆچکردوو بەڕێز (مام جەلال) خوا لێی خۆش بێت کرا لەگەڵ رێزی لە پرسەی سیاسی و بنیاتنانی سیستەمی سیاسی نوێ، جگە لە باسی پەیوەندی نێوان خانەوادەی تالەبانی و خانەوادەی حەکیم (نەهێنی پارێزراو بێت)، لەگەڵ گرنگترین وەستگەکان لەگەڵ هەڵوەستەکان لە مێژووی عێراقدا.

هەر لە دیدارەکە باس لە پێشهاتە سیاسییەکانی عێراق کرا بەتایبەتی دوای دەرکەوتنی ئەنجامەکانی هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییە و پێیامەکانی کە تێیدا بەرجەستە بوو وەك بەشداری کردنی فراوانی خەڵك و دەستگرتنیان بە پرەسەی دیموکراسی.

هەروەها سەماحەتی داوای کرد پابەندبوون بە کات وساتی دەستووری هەبێت کە پێویستە بە شایستەکانی هەڵبژاردن، جێختیشی کردەوە لەسەر یەکلایی کردنەوەی بژاردەکان و یەکێزی لەهەموو گۆڕپانەکان و دووپاتی کردەوە کە یەکێزی گۆڕپانەکان دەبێتە هەکاری یەکگرتنی نیشتمان و خەباگری، گوتیشی پێویستە هەموو ئامادەبن بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو هکابەرییانەی تووشی عێراق دێت لەکاتی گفتوگۆکردنی فراکسیۆنەکان.